گەلی کوردستان بەغدای تاقیکردووەتەوە!

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

هیچ کاتێک سیاسییەکانی بەغدا وەک پێکهاتەیەکی راستەقینەی عێراقی، سەیری گەلی کوردستانییان نەکردووە و لە ئەجێندای سیاسی و فیکرییاندا، کورد ئەنتی عێراقە، واتە دژە عێراق، ئەگەر کورد هەزاران چاکەش لەگەڵ بەغدا بکات، لە لای تاکی سیاسی و هەتا زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقی عەرەبیش، کورد هێشتا وەک دژە عێراق دەبینرێت، ئەم تێڕوانینەش پەرەیسەندووە و کاریگەری قووڵی لەسەر باری سایکۆلۆژی شەقامی عێراقی دروستکردووە بەوەی کورد دژی یەکپارچەیی خاک و نەتەوەی عەرەبن لە عێراقدا، بۆیەش سیاسییەکانی بەغدا هەمیشە مافیان بە خۆیانداوە ستەمکاریی و پێشێلکاریی بەرانبەر ماف و خواستەکانی گەلی کورد بکەن، لەکاتێکدا هێزە شیعە و سوننەکانی عێراق بەردەوام لە ململانێیەکی سەختدان، بەڵام کاتێک پرسەکان دێنە سەر مەسەلەی کورد، ئیدی ئاشت دەبنەوە و دژایەتی کورد دەکەنەوە و شەقام بۆ خۆیان رادەکێشن، تا ئاستی ئەوەی ئەو هێز و سیاسییانەی عێراق، بە بەرنامە دژایەتی خۆیان بۆ کورد راگەیاندووە تا متمانەی شەقام لە پرۆسەکانی دەنگدان مسۆگەر بکەن، بەو مانایەی سیاسی و حزبە شۆڤێنیستە عێراقییەکان کارتی دژایەتیکردنی کوردستان، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەکاردەهێنن و بە کردەوەش سەلماوە کە ئەو هێزانە براوەی هەڵبژاردن دەبن، کە هەست و سۆزی جەماوەریان جوڵاندووە دژی گەلی کورد، کە ئەمە خاڵی نێگەتیڤە لە پەیوەست بە پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسییدا، راستە زۆر سیاسی و سەرۆک لە بەغدا هاتن و رۆیشتن، بەڵام بە کردەوە و ئەوەی دەبینرێت، هیچیان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتریدا نەبووە، سەددام هات، جگە لە ستەمکاریی و کۆمەڵکوژکردنی گەلای کوردستان، هیچی دیکەی نەکرد، لە دوای سەددام عەلاوی، ئەویش هیچی بۆ کورد نەکرد، جەعفەریش دژایەتی راستەوخۆی خواستی کوردی کرد، سەرئەنجام لەژێر گوشاری کورد جەعفەری لادرا، پاشان مالیکی هات، ئەو لە قۆناغی دوای سەددام، خراپترین دەموچاوی سیاسیی عێراقییە لە پەیوەست بە دژایەتیکردنی کورد، تەنانەت مووچە و بودجە و بژێوی خەڵکی کوردستانی بڕی، ئەمە جگە لەوەی، چەندینجار هەوڵی لەشکرکێشیدا بۆ سەر کوردستان، بەڵام نەیتوانی، سەرئەنجام سیاسەتی ئەو پیاوە، نەک هەر زیانی لە کوردستاندا، بگرە زیانی گەورەی عێراقییەکانیشدا، بە هۆی سیاسەتی هەڵەی مالیکی، ململانێکان چوونە قۆناغێکی مەترسیدار و دواجار داعشی لێکەوتەوە، راستە داعش پێشتریش هەبوو، بەڵام سیاسەتی هەڵەی مالیکی، هۆکاری سەرەکی بوو لەوەی داعش بەمجۆرە گەشە بکات و بە ئاسانی دەستبەسەر نیوەی خاکە عەرەبییە عێراقییەکەدا بگرێت، سەرئەنجام بە هۆی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێم و هاتنەدەستی پێشمەرگە و پاشانیش دروسبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، پێشڕەویەکانی داعش وەستا، لەکاتێکدا مالیکی نیوەی خاکی عێراقی رادەستی داعشکرد و ناڕەزاییەکانیش زیادیان کرد، ئیدی ئەمەریکا بە ناچاری مالیکی بە حەیدەر عەبادی دەگۆڕێت، کە سەرەتا عێراقییەکان و کوردیش ئومێدیان وابوو عەبادی سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی چاک بکاتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا وا دەرنەچوو، ئەویش درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی هەڵەی مالیکی بوو، سەرئەنجام کورد لە سیاسەت و بەڵێنەکانی عەبادیش بێتاقەت و نائومێد بوو، تا ئەوەی بڕیاریدا ریفراندۆم بۆ جیابوونەوە لە عێراق ئەنجامبدات، چونکە هیچ ئومێدێک بە بەغدا نەما و کود تەواو لە بەغدا ناوئومێدبووە.

ئێستا کە ریفراندۆم نزیکبووەتەوە، گوشارەکان زیادیان کردووە و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش رایگەیاندووە کە ریفراندۆم لە وادەی خۆیدا ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە عێراق چیتر ناتوانێت خەونی کورد مسۆگەر بکات لە پەیوەست بە پێکەوەژیان و هاوبەشی راستەقینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کەوایە جیابوونەوەی کورد لەم قۆناغەدا باشترین چارەسەری سیاسی و کۆمەڵایەتییە، پاشگەزبوونەوە لە ریفراندۆن دیسانەوە گەلی کورد دووچاری کێشەی دیکە لەگەڵ عێراقدا دەکاتەوە، چونکە بەڕاستی عێراق ناتوانێت ئەو عێراقە بێت تەواوی پێکهاتەکانی بگرێتەخۆی و بە ئاشتەوایی دەرفەتی یەکسان بۆ تاکەکان دەستەبەربکات، بە تایبەتی گەلی کورد هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دەروونی و سیاسی و سەربازی عێراقدایە، ئیدی کوردیش وەک نەتەوەیەک پێویستی بە کیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە گەلی کوردستان لە سەد ساڵی رابردوو و ئێستاشدا، بەغدا و سیاسییەکانی تاقیکردووەتەوە، جگە لە ستەم وماڵوێرانی هیچی دیکەی لێیان چنگ نەکەوتووە، کەوایە مانەوە لە تەک بەغدا، درێژەدان و قبووڵکردنی سیاسەتی ستەمکارانەی بەغدایە بەرانبەر گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی ستەم رەتکاتەوە، پێویستی بە هەڵوێستی رەتکردنەوەی ستەم هەیە لە رێگەی ریفراندۆم و دوایيش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

مێژوو و ناخی پاک هێز و ئیرادەی سەربەخۆییە

فارس قادر فەتێ عەبدوڵا*

بەڵێ بڕوابەخۆبوون و مێژووی پاک و ئیرادە هەڵوێست دروستدەکەن، مێژووی پاک و خەباتی بە مانای راستەقینە دوور لەخۆهەڵکێشان و ریایی و سیناریۆی نادروست، ئەمان و ئارامی دەخوڵقێنێت لەبەر ئەوەی لە ناخەوە و لە قوڵایی ئێشوئازار و حەزەکانی ئازادیخوازانەوە، چەکەرە دەکات و لە کەش و هەوایەک و زەمینەیەکی پاک و بە ئاوێکی ساف ئاو دەدرێت و بەرهەمدێت، بەرهەمیش دەگرێت، بۆیە ئەم مێژوو و ئەم ناخە خاوێنە، وەک درەختێکی بە بەر و مەزن گەشە دەکات و رەگی دادەکوتێتە ناو ناخی زەوی و و بە هۆی ئەستووری قەد و باڵا و جوڵە و چوونە ناو ناخی زەوی، رەگەکانی هەردەم لەگەڵ قەد و باڵا و لق و پۆپەکان هاوسەنگ و رێکوجوان دەبن، بە پێچەوانەی ئەو دارانەی کورتە باڵان و رەگوڕیشەیان لاوازە و یان کرمنین و لە زۆنگاو ناو ئاو و هەوای پیس دەڕوێن و بە کەمترین گۆڕانکاری یان وشک دەبن یان بەرهەمی ژەهراوی بەرهەمدێنن، بۆ نموونە گەر سەیر بکەین و لە باسی رووەک و زەوی دەربچین و بێینە سەر مرۆڤ و نموونەیەک بێنین لەسەر بڕواو ناخی مرۆڤ لە هەموو لایەنێک بەراوردیان بکەین، لەگەڵ یەکتر دەبینین لە یەک کاتوسات یەک شوێن تووشی دەرئەنجامی پێچەوانەی زۆر سەیر دەبین، هەروەک ئێستا کە لە راگەیاندنەکان رۆژانە بەر چاومان دەکەوێ و لێرەو لەوێ و لە ناو بە ناو حزب و کەسایەتیەکان، گوێ بیستیان دەبین و دەبینین وەک مەسەلە کوردیەکەی لێدێت کە دەڵێت (هەر کەس گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێ) وە بۆ زیاتر تێگەیشتنی لەم بارودۆخە بە باشم زانی بابەتێک باس بکەم کە دەگوترێت لە کاتی پێغەمبەری ئیسلام محمد(د. خ) لێبێت رۆژێکیان لە مککە بەرەو مەدینە دەچێ بەر لەوەی بگاتە ناو مەدینە لە رێگا یەکێک دەبینێ پاش سڵاوکردن پرسیاری لێ دەکات و پێ دەڵێ خەڵکی مەدینە چۆنن ئەویش پاش ئەوەی پێغەمبەر (د. خ) دەناسێ پێ دەڵێ یا پێغەمبەری خوا لە چ لایەنێک پێغەمبەریش (د. خ) دەفەرمووێ لە لایەنی ئاین و ئەخلاق، دیارە پیاوەکە لە وەڵام دەڵێ یا پێغەمبەری خوا چیت پێ بڵێم ئەوەی راستی بێت هەرچی بێ دین و بێ ئەخلاق هەیە لەم شارەیە. جا پێغەمبەری خوا (د. خ) لە وەڵامدا دەڵێت راست دەکەیت (صدقت) ماوەیەکی دیکە دەڕۆن پیاوێکی دیکە دێتە سەر رێگایان بەر لەوەی بگەنە ناوشار هەمان پرسیار لەویشیان دەکات ئەمجارە پیاوی دووەم دەڵێ یا پێغەمبەری خوا چیت پێ بڵێم هەردوولا هەیە بە ئەخلاق و بێ ئەخلاق بە دین و بێ دین، ئەمجارەش پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی راستە پاش ئەوەی دەگاتە ناو شاری مەدینە، هەمان پرسیار لە کەسی سێیەم دەکات و کەسی سێیەم دەڵێت یا پێغەمبەری خوا خەڵکی ئەم شارە زۆر بە دین و بە ئەخلاقن، گەر دین و ئەخلاق هەبێت، تەنها لەم شارەیە، دیسان پێغەمبەر(د. خ) دەفەرمووێ راست دەکەی. کەواتە یەک پرسیار سێ وەڵامی پێچەوانەی لە سێ کەسی جیا بۆی دروست دەبێت، دیارە پێغەمبەر(د. خ) ئەم قسانەی بە ئاسایی وەرگرتووە، بەڵام یەکێک لە یاوەرانی(اصحابە)کانی دەڵێت یا پێغەمبەری خوا یەک پرسیار سێ وەڵامی جیای بۆ دراوە! چۆن دەبێ؟ نابێ دەبێ دوانیان درۆ بکەن، دیارە پێغەمبەر(د. خ) دەفەرمووێ نەخێر هەرسێکیان راست دەکەن، چونکە هەر یەکەیان خۆیان لەوجۆرە خەڵکانەن تەنها لەوجۆرە خەڵکانەش دەناسن، ئەوەی دەڵێ هەمووی بێ دین و بێ ئەخلاقە، خۆشی یەکێکە لەوان ئەوەی دەڵێ هەردوولا هەیە ئەویش لەگەڵ هەردوولا خۆی گونجاندووە، ئەوەی دەڵێ هەمووی باشن پیاوی خراپ نییە، لەم شارە خۆی یەکێکە لە پیاوە باشەکان و خراپ ناناسێت. بەڵێ گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستا وەک گوتەنی (هەر تەیرە و بە دوای رەوی خۆی دەگەرێت) باش باش دەناسێ، خراپ خراپ، ئەوانەی مێژوویان پاکە پاک دەناسن، بەرهەمی پاکیشیان دەوێت، بەرهەمی پاکیش لای ئەوان تەنها سەربەخۆیە، ئەوانەی لە ناو کەش و هەوای پیس و خاکی پیس گەورە بوونە کورت بینن، تەنها خۆیان دەبینن و هەموو دونیا دەخەنە ژێرپێیان بۆ ژیان و مانی خۆیان. ئەوانەی لە ناوەندن ئینتهازین و پیاوی رۆژن، لەگەڵ سەرکەوتوون لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوانە مەجالی تێدایە بگەڕێتەوە بەرەی گەل و نیشتمان، بەڵام دوو دڵن، کەواتە با بیر بکەینەوە، بڵێین لە هەرسێ لا دەبێ رێژەکان چۆن بن من پێموایە گەر تەنها رێژەی شەهید بکەین، بە رێژەی خەبات و ماندووبوون بێشک بێ دین و بێ ئەخلاقەکان لەناو دەچن، کەواتە بەری گەل و نیشتمان سەرکەوتوون و گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ جیهانی باڵندە هەروەک گوتمان هەر تەیرەو بە دوای رەوی خۆی دەگەرێت، راستە (قەلە رەشکە و شەمشەمەکوێرە) هەیە، بەڵام کوتر و پاساری و بولبل بە هەموو جۆرەکانی و تاوس و مراویش هەیە، بازیش لە ئاسمانەوە حاکمە سەیری هەمووی دەکات تەوازنەکە دەپارێزێت، کەواتە شەمشەمەکوێرە قەلە رەشکە، هەر بەناو بوونیان هەیە، تا باز هەبێت لە ئەنجامدا جوان و خاوێن براوەن و هەڵسەنگاندن و رێژەکان ناکرێت، لە تای تەرازوو بەرامبەر یەکتر دابنرێن، لە هەموو لایەنێک بۆ نموونە گەر خوێنی ئەنفال و کیمیاباران و ئەشکەنجەی ژوورە تاریکەکانی دوژمنان و هەژاران ئاوارە و لێقەوماوان، بخەینە ناو تەرازوو، بێشک رووی رەشی دەنگی دوژمن و نەیاران و خاوەن بیرۆکەی نەخێرەکان دەخەنە ژێر پێیان و زبڵدانی مێژوو، گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ خۆفرۆشانی لە رابردوو، بێشک چارەنووسیان زۆر خراپتر دەبێت، لە خۆفرۆشەکانی تر، چونکە زەمەن گۆڕاوە و خەڵک کاغەزی سپی دەخوێنێنەوە لە هەموو زەمەنێکیش و لە کۆتایی هەموو پلان و پیلانێکیش دەنگی حەق و راستی سەرکەوتووە نموونەش زۆرن گەر تەنها سەددام بکەین، بە نموونە حەق وایە، ببێت بە دەرس و پەند بۆ گشت مێشک وشکەکان و خۆفرۆشەکان کە هەموومان دەزانین لە هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزێک نەبوو، بە قەدەر زەبەلاحی و جەبەرووتی هێزی سەددام بەهێز و زاڵم و زۆردار بێت، بەڵام کە شکا هێزێک نەبوو، بە قەدەر هێزی سەددام لاواز و لەرزۆک بێت، چونکە پاڵپشتی گەل و نیشتمانی لەگەڵ نەبوو، کەواتە دەکرێ بڵێت (کل شیئ مبنی علی باطل فهو باطل).

کەواتە جسمێکی نامۆ و نەشاز و هاوردە (استراد) لەناو گەل و نیشتمان پێگە و پشتوانی نییە و نابێتەوە و کاتییە، دەبێت کۆتایی پێ بێت، چ ئەمڕۆ یان سبەی وەک دەیان بابەتی تر لە مێژوو کە روویاندا و بینیمان و ئەوەی دوێنێ دروستکرا فڕێدرا گۆڕەپانەکە بە ناوی کەسانێک بۆ نەخێر بۆ دژایەتی ئیرادەی گەل هەر لایەنێک و هێزێک لە پشتی بێ تەمەنیان لەو دوو سێ هەفتەیە تێناپەڕێت، رۆژی 2017/9/25 رۆژی بوڕکانێکی جەماوەرییە، رۆژی تەقینەوەی بەربەستەکانە رۆژی بە زمان، هاتنی لالەکانە رۆژی یەک دەنگی و فرە رەنگییە رۆژی شکانی بەربەستی خوێنی سەدان هەزار شەهیدە رۆژی گری ئاگری سینەی دایکە شەهیدانە رۆژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانە. رۆژی رەشو و رووت و لێقەوماوە، نە رۆژی شادکردنی رۆحی شەهیدانە سەرشۆڕی نەیار و دوژمنانە.

***** ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ. د. ک).**

عەبدولفەلاح سوودانی وەزیری پێشووی بازرگانی عێراق لە لوبنان دەستگیرکرا

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی وەرگرتنەوە لە دەستەی دەستپاکی گشتی، محەمەد لامی رایگەیاند کە رۆژی دووشەممە، باڵیۆزخانەی عێراق لە بەیروت، حەوت دۆسیەی گەندەڵی کە دادگای عێراق دژ بە وەزیری پێشووی بازرگانی، عەبدولفەلاح سوودانی دەریکردووە، رادەستی بەرپرسانی لوبنان دەکات کە رۆژی هەینی رابردوو لە لوبنان دەستگیرکرا. محەمەد لامی گوتی: دەستەکەمان حەوت دۆسیەی پەیوست بە گەندەڵی دژ بە عەبدولفەلاح سوودانی ئامادەکردووە کە بە غیابی لە لایەن دادگاوە دژی دەرکراوە، هەروەها هەر بە غیابی دادگای لەسەر ژمارەیەک لەو دۆسیانە، 35 ساڵی زیندانی بۆ عەبدولفەلاح سوودانی دەرکردووە و هێشتا ژمارەیەک دۆسیەی گەندەڵی دژبە عەبدولفەلاح سوودانی لە دادگا ماوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی وەرگرتنەوە لە دەستەی دەستپاکی گشتی روونیشی کردەوە کە لەنێو ئەو دۆسیە گەندەڵیانەی کە دژبە عەبدولفەلاح سوودانی دەرکراوە، دۆسیەی چای ماوە بەسەرچووە لە کەربەلا کە لەسەر ئەو دۆسیەی شەش ساڵ زیندانی بەسەریدا سەپێندراوە لەگەڵ دۆسیەی گرێبەستی رۆنی ماوە بەسەرچوو لەگەڵ ژمارەیەک دۆسیەی دیکە. ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە فەرمانگەی وەرگرتنەوە لە دەستەی دەستپاکی گشتی فەرمانی دەستگیرکردنی وەزیری پێشووی بازرگانی، عەبدولفەلاح سوودانی رەوانەی پۆلیسی وڵاتانی عەرەبی کردووە کە ئەوانیش لای خۆیانە رەوانەی پۆلیسی ئینتەرپۆلیان کردووە. محەمەد لامی گوتیشی: دۆسیەی گەندەڵییەکانی دژبە عەبدولفەلاح سوودانی رەوانەی باڵیۆزخانەی عێراق لە بەیروت کراوە بۆ ئەوەی رادەستی بەرپرسانی لوبنان بکرێت تا لوبنان عەبدولفەلاح سوودانی رادەستی عێراق بکاتەوە کە رۆژی هەینی رابردوو لە لوبنان دەستگیرکرا.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل:
رێگەنادەین ئێران بنکە لە نزیک سنوورەکانمان دامەزرێنێت

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو رایگەیاند کە ئێران بەردەوامە لە رەوانەکردنی چەک بۆ تۆڕی جیهانی تیرۆریستی و سوورن لەسەر ئەوەی کە رێگەنەدەن ئیدارەی ئێران بنکە بکاتەوە لە نزیک سنوورەکانیان. بە پێی هەواڵێکی رۆژنامەی یەدیعۆت ئەحرەنۆت، ناتانیاهو لەسەردانێکیدا بۆ بۆینس ئایرسی پاتیەختی ئەرجەنتین، وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسانی داوەتەوە. ناتانیاهۆ گوتوویەتی: ئێران بەردەوامە لە رەوانەکردنی چەک بۆ تۆڕی جیهانی تیرۆریستی. ئێمەش سوورین لەسەر ئەوەی رێگەنەدەین ئیدارەی ئێران بنکە بکاتەوە لە نزیک سنوورەکانمان. بێنیامین ناتانیاهو لەسەردانەکەیدا چەندین خاوەنکارو پسپۆڕانی ئاو، وزە و کشتوکاڵ یاوەری دەکەن و بڕیارە لەگەڵ نوێنەری جوولەکەکاندا کۆببێتەوە. دوای ئەرجەنتین ناوبراو سەردانی کۆلۆمبیا و مەکسیک دەکات و پاشان بە مەبەستی چاوکەوتن بە دۆناڵد ترەمپ، دەگاتە ئەمریکا.